

## وان

کۆکردنەوە نووسینی: مەنسوور تەها

وان شارێکە لە باکووری کوردستان لەسەر گۆلی وان. شارێکی دێرینی باکوورە زور جێگای دێرینی لێ هەیە. یەکێک لە گەورەترین شارەکانی باکووری کوردستانە کە دانیشتووانی لە ٤٥٠هەزار کەس زیاترە و کەوتووەتە سەر دەشتاییەکی بەپیتی کشتوکاڵییەوە گەلێ کارگەی پیشەسازیی تێدایە وەک: ڕستن و چنین، کارگەی چیمەنتۆ و پێڵاو دروستکردن. هەروەها ئەم شارە ناوەندی پارێزگای وانە.

### جوگرافیا

شاری وان کەوتووەتە سەر پارێزگای وان کە یەکێک لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان، لە ناوچەی ئاناتۆلیای ڕۆژهەڵاتە. شارەکە جگە لە گۆلی وان جێگەی گەشتیاریی تری وەک قەڵای وان هەیە.

### دانیشتووان

هەموویان کوردن و بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

### قەڵای وان

قەڵای وان یەکێکە لە شوێنەوارە مێژووییەکان و دیمەنە سەرەنج ڕاکێشەکانی شاری وان لە باکووری کوردستانە، کە بە دووری پێنج کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژاوای ناوەندی شارەکە.



دیمەنێکی قەڵای وان لە نزیکەوە



دیمەنێکی قەڵای وان لە دوورەوە

چەند وێنەی لە کۆتای وتارەکە دەخینە بەردەستان

قەڵاکە بەسەر گۆلی واندا دەڕوانێ و بووەتە هۆکاریکی باش بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ شارەکە. ئەم قەڵایە بەهۆی ئەوەی لە شوێنێکی بەرزدایە و دەڕوانێت بەسەر تەواوی شارەکە و گۆلی واندا، بووەتە شوێنێکی گەشتیاری و ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕووی تێدەکەن.

## گۆلی وان



گۆلی وان، زەریاچەی وان یان دەریاچەی وان لە باکووری کوردستان و لە نێوان دوو پارێزگای وان و بدلیس هەڵکەوتووە. گۆلی وان گەورەترین گۆلی کوردستانە و لە قووڵترین شوێنیدا ٤٥١ مەتر قووڵە و چوار دوورگەی تێدایە. دەریاچەی وان گەورەترین دەریاچەی کوردستانە، رووبەرەکەی 3 هەزار و 713 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و چوار دوورگەی تێدایە. لەسەر ئاستی جیهاندا بەرزترین ڕێژەی خوێ و سۆدە لە

"قاز و قولینگ، قاز و قولینگ، ئەی ئەو قاز و قولینگانەی بە ئاسمانی بەرزدا دەفڕن، سڵاوم بگەیەنن بە دەریاچەی وان، بە ئاوی شینی، بە کانیاوی تەزیوی، بە کارمامزە ڕندەکانی چیا، بەو پێدەشتە سەوزانەی کە شیر و هەنگوینیان پێدا دەڕوات..."

ئاوەکەیدا هەیە.

ئەو خۆسەپێنەرانە، کە لەلایەن ڕژێمی ئاکەپەوە ماوەی دوو ساڵە سەپێندراون بەسەر شارەوانییەکانی دەبەپە دا لە وان، لەو دوو ساڵەدا بە بەردەوامی کاریان تاڵانکردنی سەرچاوەکانی وان بووە، خۆسەپێنەرەکان




هەموو بینا و خانووەکانی شارەوانییان بەخشیوە بە لایەنگرانی ئاکەپە و لە زۆر بواریشدا زێدەڕۆییان کردووە و ئێستاش دەستیان کردووە بە فرۆشتنی کەنارەکانی دەریاچەی وان.

ئاکەپە و خۆسەپێنەرەکانی، کە هەموو خانوو و بیناکان و زۆربەی موڵکەکانی شارەوانییان فرۆشت و ئێستا چاویان بڕیوەتە دەریاچەی وان، لە ئەردیش لێوارەکانی ئەردیش-یان لەسەر دەریاچەی وان بە درێژیی حەوت کیلۆمەتر بۆ خۆیان کردووە بە ناوەندیی بەرتیلخۆی و گەندەڵی، هەموو پارکەکان، باخچەکان، شوێنەکانی پشوودان، شوێنەکانی یاریکردن، کە لەلایەن شارەوانیی دەبەپەوە لە ئەردیش دروستکرابوون، لەلایەن ئاکەپە و خۆسەپێنەکانیەوە کران بە کافتریا و ڕیستوران و فرۆشران.



لەپێشبڕکێیەکی پاڵەوانی جیهانیدا کە ئاژانسی فڕۆکەوانی و بۆشایی ئەمریکا (ناسا) ئەنجامیداوەو لەڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بەڕێوەدەچێت، لەگەڕی چوارەمی پێشبڕکێکەدا، وێنەی دەریاچەی وان لەباکووری کوردستان کە لەبۆشایی ئاسمانەوە وێنەی گیراوە، لەناو 30 وێنەدا، چووە قۆناغی کۆتایی پێشبڕکێیەکە.
جێی ئاماژەیە، ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە، ئاژانسی ناسا ئەم جۆرە پێشبڕکێیە ئەنجام دەدات و کەشتیوانەکانی بۆشایی ئاسمان کە لەئاژانسی بۆشایی نێودەوڵەتیدا کار دەکەن بەو وێنە ناوازەکانیان بەشداری لەپێشبڕکێیەکەدا دەکەن کە لەبۆشایی ئاسمانەوە وێنەیانی گرتوون.
کیت رۆبینز، ژنە کەشتیوانی ئاسمانی بەریتانی لەکاتی سووڕانەوەی بەدەوری وێستگەی بۆشایی نێودەوڵەتیدا لەساڵی 2016 وێنەیەکی دەگمەنی دەریاچەی وانی گرتووە کە بەگەورەترین دەریاچەی پێکهاتەی سۆدیۆم دادەنرێت لەجیهاندا.
لەخوولی کۆتایی نیوەی پێشبڕکێیەکەدا، وێنەی دەریاچەی وان 94%ی دەنگەکانی لەبەرامبەر نزیکترین کێبڕکێدا کەوێنەی (بورح سەحاب) بوو بەدەستهێنا.

## دەوڵەتی ئورارتۆ







ئورارتۆیەکان دەستی باڵایان لە ئاواکاریدا هەبووە شوێنەوارەکانیان لە دەورووبەری گۆلی(وان) گەواهی ئەم ڕاستیەن.

ئەم دەوڵەتە لە سەدەی نۆیەمی پ.ز لە ناوچەی گۆلی (وان) دامەزرا. بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان بە دەوڵەتی (وان) ناوی دەبەن.

ناونراوە بە (دەوڵەتی ئورارتۆ) بە هۆی چیاکانی (ئارارات)ەوە.

ئورارتۆیەکان توانیان هاوپەیمانیەک پێکبێنن، هەموو نەتەوە و میرنشینە کوردستانیەکان بگرێتە خۆ، لەگەڵ میرنشینی ڕەواندز هاوپیمان بوون، ئەم میرنشینە لە سەرچاوە ئاشوریەکان ناوی( مەساسیر) بووە. هەروەها لەگەڵ هۆزە میدیەکان پێکهاتبوون و کونترۆڵی ڕێگەوبانی بازرگانیان کردبوو.

ئورارتۆیەکان بەم شیوەیە هەڕەشەیان لە بەرژەوەندیەکانی ئاشوریەکان دەکرد، بۆیە ئەوانیش چەندین جار هەڵمەتیان بردە سەریان.

ناو بەناوبانگترین پاشاکانی ئورارتۆیەکان وەکوو(منوا) و شا(سردور) و شا (رۆسا) بووە.

ئورارتۆیەکان دەستی باڵایان لە ئاواکاریدا هەبووە شوێنەوارەکانیان لە دەورووبەری گۆلی(وان) گەواهی ئەم ڕاستیەن. جۆگەی ئاودێریان لێداوە. بەهۆی لێزانی و بەهرەمەندی ئورارتۆیەکان لە بیناسازی، پاشای ئاشوری(ناسیر بالی دووەم ٨٨٣- ٨٥٩ پ.ز) پەنای بۆ بردوون بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی ئاواکاری فراوان لە کاتی نوێژنکردنەوەی پایتەختی شاری کەلخو(نەمردوود).

## دوورگەی ئاختامار



دوورگەی ئاختامار یان دوورگەی ئاکدامار ناسراو بە ئاختامار ، دووەم گەورەترین دوورگەیە لە چوار دوورگەکەی دەریاچەی وان.

## ڕەگی ووشە

بنەچەی مانای ئەم دوورگەیە نەزانراوە، بەڵام بەپێی چیرۆکە میللییەکانی ئەرمەنیا، شازدەخاتوونێکی ئەرمەنی هەبووە بە ناوی تامارا کە لەسەر ئەم دوورگەیە ئەژیا و لەگەڵ کوڕێکی ئاسایی ئەکەوێتە داوی خۆشەویستی. ئەم کوڕە هەموو شەوێک لە کەناراوەکان بۆ دوورگەکە مەلەی ئەکرد و لەلایەن کچەکەوە ڕێشوێنی بۆ ئەکرد بە هۆی ئاگرەکەی دەستییەوە. باوکی شازادەخاتوونیش بەم کارە ئەزانێت کە ئەم کوڕە سەردانی کچەکەی ئەکات. شەوێک، هەروەک چاوەڕێی خۆشەویستەکەی ئەکات تا بگات، باوکی ئاگرەکەی دەستی تێک ئەشکێنێت و کوڕەکە لە ناوەڕاستی دەریاچەکە جێ ئەهێڵن و بەبێ هیچ ڕێشوێنییەک کە بۆ کام لا مەلە بکات. تەرمی کوڕەکە لە کەنارەکە دۆزرایەوە و بەپێی ئەفسانەکە لێوەکانی لەسەر ووشەی "ئاخ، تامارا"، "ئۆه، تامارا بەستبوونی. ئاختامار یان ئاکدامار ، واتا خوێنهێەری سپی لە زمانی تورکی. ناوی فەرمی دوورگەکەشە.

## سەمای ماسی ئینجی کەفالی



ماسییەکانی گۆلی وان کە ٦٠٠ هەزار ساڵە بوونی هەیە، چۆن کۆچیان بۆ ئەو ناوە کردووە؟، لە کاتی هێلکەدانانەندا دەچنە ئاوی شیرین چۆن پێچەوانەی ئاراستەی ئاوەوە دەجولێن لە کاتێکدا ئەوی چەمەکان پیسبوون؟

کۆچکردنی ماسی ئینجی کەفالی کە لە گۆلی واندا دەژین، بەرەو ناوچەی ئاوی شیرین لە کاتی بەهاراندا دەستپێدەکات بۆ دانانی هێلکەکانیان لەکاتی زیادبووندا، بەڵام جێگای تێڕامانە چۆن لەگەڵ پیسبوونی ئاوی دەریاچە و گۆلاوەکاندا پێچەوانەی ئاڕاستەی ئاو دەجولێن.

هەزاران ماسی لە ناوچەی گەندەڵۆف و کارگوندوز لە توشبای سەر بە شاری وان لە ساڵی رابردوودا مردن، لەو کاتەی بە ناوچەی بیگریدا تێپەڕبوون بۆ دانانی هێلکەکانیان لە ئاوی شیریندا، لەسەر داوای هاوڵاتیان، کۆلێژی ماسیناسی لە زانکۆی وان لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنی ئەو هەزاران ماسییە کرا، لە ئەنجامدا ڕاگەیەندرا مردنی ماسییەکان بە هۆکاری بەکارهێنانی وزەی زۆری ماسییەکان و نەبوونی خۆراکی پێویست بووە لە کاتی کۆچکردنیاندا، ڕێژەی مردنی ماسییە مێینەکان ٥ ئەوەندەی ماسییە نێرینەکان بووە، بەهۆی ئەوەی ماسییە مێینەکان لە دۆخی هەڵگرتنی هێلکەکانیاندا بوون و وزەی زیاتریان بەکارهێناوە.

ئەو چەمانەکەی دەکەونە دەریاچەی وان پڕن لە پاشەڕۆ.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان پیسبوونی زۆری ئەو چەمانەیە کە ماسییەکانی پێدا تێپەڕدەبن، لە چەمی ئاکۆپروو دا کە تێکەڵ بە ئاوی گۆلی وان دەبێت، ماسییەکان لەناو پاشەڕۆکەدا مردوون.

ئەو خۆڵ و پاشەڕۆیانەی لەناو گەرەک و ماڵەکاندا کۆدەکرێنەوە، هەڵدەدرێنە ناو چەمەکانەوە و ئاوەکە پیس دەکەن، ماسییەکانی دەریاچەی وانیش زۆرینەیان لەو چەمەدا مردوون، بەهۆی ئەوەی لەناو دەبە و کەلوپەلە پلاستیکییەکاندا گیردەخۆن، پێش ئەوەی هێلکەکانیان دابنێن دەمرن،

ساڵانە هەزاران کەس دەچنە سەر دەریاچەی وان بۆ سەیرکردنی سەمای ماسی ئینجی کەفالی کە بە چەمی بادینان لە ناوچەی بێگری و ئەردیشدا تێدەپەڕن، لە ئێستادا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناشەوە ئەو بەنداوە نەکراوەتەوە تا سەردانیکاران بۆ سەیری سەمای ماسییەکان بچن، بەڵام لە هەندێک ناوچەی دیکە کە ماسییەکانی پێدا تێپەڕ دەبێت دەچنە تەماشایان.

بە هەزاران ساڵە ئەو ماسییانە لەوێدا دەژین

ماسی گۆلی وان لە جیهاندا یەکێکە لە جۆرە تایبەتەکانی ماسی، هۆکارە سەرەکییەکەشی دەریاچەی وانە، دەریاچەکە تەمەنی ٦٠٠ هەزار ساڵە و یەکێکە لە دەریاچە گەورە و سوێرەکانی جیهان، ڕووبەرەکەی ٣ هەزار و ٧١٢ کیلۆمەترە، ٣/١ی ئاوی دەریای مارمارا پێکدەهێنێت و بەرزییەکەی هەزار و ٦٥٠ کیلۆمەترە، خەڵکی ناوچەکە بە بەحر بەناوی دەکەن، لە شارستانییە کۆنەکاندا بە بەحری ژورروو بەناو کراوە، ماسییەکانی ئەو دەریاچەیەش بە هەزاران ساڵە لەوێدا دەژین.

پسپۆڕەکان ئاماژەیان بەوە کردووە ماسی ئینجی کەفالی نزیکەی ١٠ هەزار بۆ ١٦ هەزار هێلکە لە ساڵێکدا دادەنێن، دوای تروکانی هێلکەکانیش بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ئاوی شیریندا دەمێننەوە، پاشان دەگەڕێنەوە ناو گۆلەکان، سێ ساڵیش لە گۆلەکاندا دەژین، دوای دایکەکانیان دەکەون و لە ئاوی

شیرینەوە کۆچ بۆ گۆلاوەکان دەکەن. پسپۆران باس لەوە دەکەن، لەو شوێنەی هێلکەکانی لێدادەنێن، .بەهیچ شێوەیەک نابێت دەستکاری بکرێن

## پەپوولەکان




لە تەواوی وڵاتی داگیرکەری تورکیادا ٤٣٠ جۆری جیاوازی پەپوولە بوونیان هەیە، لەناو ئەو ژمارەیەشدا ٢٣٠ جۆریان لە دەریاچەی وانی باکوری کوردستان دەژین، ئەمەش بووەتە جێگەی سەرنجی وێنەگران و ئەو کەسانەی کە چێژ لە گەشتکردن و سەردانیکردنی ناوچە جیاوازەکان دەبنین.

بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەوزایی و گوڵی سروشتی بوونی دەریاچەکەوە بووەتە شوێن و لانەی ژمارەیەکەی زۆر و جیاوازی زیندەوەر لە ناوچەکە لە ناویشیاندا جۆرە جیاوازەکانی پەپوولە.

یەکێک لەمامۆستای زانکۆی بەدلیس ئەرەن بەناوی ئۆکتای سوباشی لەبارەی پەپوولەکانی دەریاچەی وانەوە وتویەتی: ساڵانیکی زۆرە چاودێری پەپوولە و باڵندەکانی دەریاچەی وان دەکات، باسی لەوەش کردووە کە بە بیروڕای ئەو پەپوولەکانی دەریاچەکە تایبەتمەندی ئەوەیان هەیە کە بەشێکیان تەنها لە پارێزگای وان هەن و لە هیچ شوێنێکی دیکە ناتوانیت بیاندۆزیتەوە، ساڵانە ژمارەیەکەی زۆر لە گەشتیار و فۆتۆگرافەران و ئەو کەسانەی کە چێژ لە کامپین و چوونە سروشت و سەرکەشی دەبینن بەمەبەستی بینینی پەپوولەکان دێنە دەورووبەری دەریاچەی وان، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کەسانێکی کەمتر سەردانی ناوچەکەیان کردووە.

مامۆستاکە ئەوەشی خستوەتەڕوو کە ئەمساڵ وشکەساڵییەکی زۆر رووی لە دەریاچەی وان کردووە و ئەمەش کاریگەری کردووەتە سەر جۆرەکانی پەپوولە و بەهۆی ئەوەی نزیکەی دوو مانگە باران نەباریوە، زۆرێک لە گوڵەکانی ناوچەکە وشکبوون، ئەو گوڵانەش سەرچاوەی پەپوولەکانن، هەربۆیە ئەو پەپوولانەی پێشتر زۆر دەمانبینین ئەمساڵ بەرچاومان نەکەوتن وەک ساڵانی رابردووو، بەهیوام کێشەی وشکەساڵی چارەسەر ببێت.

## باڵندە و پەلەوەری



لە ناوچە ئاوییەکانی ئەچەک و چەلەباگلی لە دەریاچەی وان 232 باڵندە و پەلەوەری جۆراجۆر بوونیان هەیە، بەڵام لە ئێستادا مرداربوونەوەیەکی زۆر رووی لەو باڵندانە کردووە. ژینگەپارایزان، هۆکارەکەی بۆ تێرژانی پاشەڕۆی پیشەسازی و بیناسازی دەگەڕێننەوە. قازی سپی و فلامینگۆ و ئەو باڵندانەی تر کە کۆچ بۆ شوێنەجۆراجۆرەکانی تر دەکەن، دەریاچەی وان بووەتە حەوانگەیان. سەدان جۆر باڵندە لە دەریاچەی واندان. بەڵام تێرژانی پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان لە سنووری گەڕەکی قاسم باگی لە ناوچەی ئەردیشی وان بووەتە هۆی ئەوە لە لێوارەکانی دەریاچەی واندا مرداربوونەوەی باڵندەکان روو لە زیادبوون بکەن. هۆکاری سەرەکیی مرداربوونەوەی باڵندە و پەلەوەرەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەیوم لە ناوچەکانی ئارتەمێتان، ئەردیش و ناوچەکانی دەوروو‌بەریان بەبێ گوێدانە پێوەرەکان پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان دەڕژێننە ناو دەریاچەکەوە. سەحەر قادر ئۆغلو ئاتەش وتەبێژی ئەنجوومەنی ئیکۆلۆژیی میزۆپۆتامیا رایگەیاند، لێوارەکانی دەریاچەی وان شوێنی ژیانی 450 باڵندە و پەلەوەری جۆراوجۆرن، کە 230 جۆریان ئەو باڵندانەن، کە کۆچ بۆ کوردستان و تورکیا دەکەن. راشیگەیاند، هەموو ساڵێک ژمارەیەک لە باڵندەکان و پەلەوەرەکان دەمرن و هۆکاری ئەوەش تێرژاندنی پاشەڕۆی کارگە پیشەسازی و بیناسازییەکان بۆ ناو دەریاچەی وان و پاکنەکردنەوەی دەریاچەکەیە. ئەوەشی وت، تاوەکو تێرژاندنی ئەو پاشەڕۆیانە بەردەوام بێت و پاکنەکردنەوەی دەریاچەکە و لێوارەکانی ئەنجام نەدرێت مرداربوونەوەی باڵندە و پەلەوەرە جۆراوجۆرەکان بەردەوامییان دەبێت.

## پشیلەی وان



پشیلەی وان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە سەرنجی خەڵک رادەکێشێت، ئەو پشیلەیە تایبەتە بە وانی باکووری کوردستان، چاوێکی شینە و چاوەکەی دیکەی قاوەییەکی

زەردباوە. تاکە پشیلەیە بەباشی مەلە دەکات و حەزی لە نێو ئاوە. رەنگێکی سپیی تێری هەیە و تووکنە.

پشیلەی وان رەگزێکە لە پشیلەکانی خۆماڵی



## لە دەریاچەی وان میکروبیالیت-ی نوێ دۆزرایەوە

لە کەنار دەریاچەی وان لە قەزای ئەلجەواز سەربە پارێزگای بەدلیس لە ئاکامی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون، میکروبیالیت-ی نوێ دۆزراونەتەوە کە لە پێکهاتە و شێوەدا جیاوازن.

ژێردەریاوان و سەرۆکی رێکخراوی کولتوور، هونەر و گەشتوگوزاری ئەلجەواز، جومالی بیرۆل لەگەڵ عەلی ئەتهەم کەسکین کە دەرهێنەرێکی فیلمی دۆکیۆمەنتاریە و لە ئەلجەواز ژێردەریاوانی دەکات، وێنەی ئەو میکروبیالیتانەیان گرت کە لە دەریاچەی وان دۆزراونەتەوە.

مامۆستا لە کۆلێجی بەرهەمە ئاوییەکانی زانکۆی یوزونجویڵی وان، دکتۆر مستەفا ئاکوش لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان، ئاماژەی بەوە کرد کە دەریاچەی وان بە رووبەری سێ هەزار و ٧١٢ کیلۆمەتر چوارگۆشە خاوەنی یەک لەسەر سێی ئیکۆسیستمی دەریای مارمارایە.

مستەفا ئاکوش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەریاچەی وان لە رووی جۆرێتی ئاو پێشەنگی ئیکۆسیستمی بێ هاوتایە لە جیهاندا و ئاستی هایدرۆجین لە دەریاچەکەدا دەورووبەری ٩،٨ە.

دەرهێنەری فیلمی دۆکیۆمەنتاری، عەلی ئەتهەم کەسکین کە لەسەر بانگهێشتی رێکخراوی کولتوور، هونەر و گەشتوگوزاری ئەلجەواز سەردانی شارۆچکەکەی کردووە، باسی لەوە کرد کە بەمەبەستی وێنەگرتنی میکروبیالیتەکان چوونەتە ژێر دەریاچەکەوە.

گوتیشی: "لە زۆر ناوچەدا وێنەم گرتووە، بەڵام میکروبیالیتەکانی ئێرە زۆر جیاوازن، وا هەست دەکەیت لە هەسارەیەکی دیکەیت، ئێرە لە ئایندەدا دەبێتە شوێنێکی زۆر جوان بۆ وێنەگرتنی


ژێردەریایی و وێنەگرتنی فیلم، پێموایە پشتیوانیەکی باش دەبێت بۆ گەشتوگوزار. میکروبیالیتەکان لە تەنکاییەوە دەست پێدەکەن، تا شەش مەتر رۆیشتین، بە فراوانی شەش تا حەوت مەتر میکروبیالیت هەیە. لە پشتییەوە ناوچەی لمی هەیە، دواتر پلە بە پلە میکروبیالیت هەیە."

سەرۆکی رێکخراوی کولتوور، هونەر و گەشتوگوزاری ئەلجەواز، جومالی بیرۆل ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەی هەفتەیەکە لە قوڵایی دەریاچەی وان-دا، سەرقاڵی وێنە گرتنن و هێشتا زۆر شت هەیە کە لە دەریاچەکەدا نەدۆزراوەتەوە.

جومالی بیرۆل ئەوەشی خستەڕوو کە لە زۆر بواردا بەردەوامن لەسەر کارکردن و گوتی: "هەرچەند لە دەریاچەی وان-دا کاربکەین کەمە، ئەمڕۆ میکروبیالیتێکمان دۆزییەوە کە لە رووی شێوەوە جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەریاچەکەدا سێ میکروبیالیتی جیاوازمان دۆزییەوە، پێویستە خاوەندارێتی دەریاچەکە بکەین. بەردەوام دەبین لەسەر چوونە ناو دەریاچەکەوە و لێکۆڵینەوە دەکرێت لەبارەی ئەو میکروبیالیتانەی دەدۆزرێنەوە.'



لە وان ئەو بەفر بارینەی کە لە چەند رۆژی رابردوودا بە چڕی دەباری، دوورگەی ئاکدەمار و کڵێسەکەی سەری، سپی پۆش کردووە و وێنەیەکی پڕ خەیاڵ دەبەخشێتە سەردانیکارانی. دوورگەکە، کە لە سنووری شارۆچکەی گەواش-ە و بە بەلەم لە ناو دەریاچەی وان بە بڕینی نیو کاتژمێر رێگ دەیگەی پێی، هەر وەرز و بە جوانییەک سەرنجی سەردان. یکارانی رادەکێشێت



کاناڵی تەلگرامی بۆ کوردستان ناسی

@mansourtha